شیعر

# کوترەکانی لە خوا یاخی

سلیمان قاسمیانی

# ناوەروک


١_ شەرمەزاری........................................ ٧
٢_ خەونیکی تال........................................ ٩
٣_ لە ئامیزیکی گەرم را........................................ ١٣
٤_ رەنگی تیکەلاو........................................ ١٦
٥_ جوان و ناحەز........................................ ١٩
٦_ کوترەکانی لە خوا یاخی........................................ ٢٢
٧_ لە باوەش ئەستیرەیەک دا........................................ ٢٥
٨_ دلم دەلی خەبەریکە........................................ ٣٠
٩_ بو تو........................................ ٣٤
١٠_ نان بە نرخی روژ نەخواردن........................................ ٣٨
١١_ باوەر........................................ ٤٢
١٢_ گالتەی سنوور........................................ ٤٦
١٣_ بەیانی........................................ ٥٠
١٤_ بیگانەی خو وولاتی........................................ ٥٣
١٥_ یارانی من........................................ ٥٩
١٦_ ناخوشەویست و خوشەویست........................................ ٦٢

# شەرمەزاری

سالی ١٩٩٣ لە سوید، شەریکەی "لیوایس"
بریاری سووتاندنی مجموعەیەکی زور لە
شەلواری دەست بە سەرداگراوی دا کە
موری کوپیاکراوی "لیوایس"یان لیدرابوو.

**کوپیا**
**ئاگر**
**منالی رووت**
**بوران، سەرما**
**چزەی ئیسقان**
**تەقەی ددان**
**کوپیای شەلوار**
**ئەمبار، ئەمبار**

شەلواری جین
خەرمانی رەش
خولیای ئاگر لە مال بەردان!
ئەم،
بزەیەک
لیوەکانی توسقالیک دەلەرینی
کاتی کە گر
هەلمەت دەباتە سەر شەلوار!
کاتی کە گر دەپاریزی
مافی یەک _ دوو هەلنەگری
خاوەنی کومپانی شەلوار!

ئەو،
لە چوار لای جیهانەوە
هەلدەکورمی،
هەلدەلەرزی و
باوەر ناکا

وەحشی دوو پیی وەها هەبی...
ناشەرمەزار
گر لە برینەکەشی بەردا!

٩٣_٢_٤

❖

# خەونیکی تاڵ

بو کوچەکەی ۱۹۹۱

لە نیو کەڵپی درندە دای؛
خەریکی هەناسەکانت
کوکەیەوە و
فرمیسکەکانت بژمیری!

چاوەکانت
دەگەڕین بە شوین ئاسو دا:
مەرگ دەبینن
سنوور

ئاژان
عەسکەر
سەرباز...
دیواری کێو
لوتکەی تەزیو
ئاسمانی سارد
ئاسوی بەتاڵ
دڵانی سەرتاپا لە ژان
تەرمی ڕێگا و
ملیۆن ملیۆن
کوتری
خەیاڵی
باڵ شکاو!

دەورە دراوی!
هەر چوار پەلت

له نیو کەلپی درندەدا،
دەبیە هاوار...
وە دیواری
ــ جاران ئازیزی کیوەکان ــ
هەلدەگەریی؛
پولە سەرباز دەتگیرنەوە و
هاوار دەبیتەوە ئاوار
بە سەر خوت دا!

له نیو کەلپی درندە دای؛
نەتەوەکانی یەکگرتوو
لە ئاسمانی زستانی‌یەوە
هەناسەکانت دەژمیرن!
نانت بو بەردەدەنەوە...
شینی راوکەر

هەڵدەڕێژنە گەرووتەوە و

جارێکیتر

خەونی تاڵت

پێ قوت دەدەن!

❖

# له ئامیزیکی گەرم را

لیم دەپرسی لە کوی وە دیم؟!
ـ لیرەوە چەن گەرەک واتر!
لە شاری پەنا پایتەخت!
لە هەندەران :
لەو جیگایەی کوتر جیی ووچانی نیە و
روخساری مانگە شەو زەردە
لەو جیگایەی گەلیک دوور و
زور نزیکە
لەو جیگایەی لە دارستانی خوین دەتکی.

لە کوێوە دێم؟!
_ لە کانگای تەلای ژێر زەوی؛
لەو شارەی گیانی منالان
دیمەنی شەقام دەزرێنی؛
لەو شوێنەی سەررەش ڕێ نادا
بەلام سەگ تێیدا ئازادە؛
لەو وولاتەی هەتاو لە سەر توقی سەرە؛
لەو چیایەی
بەرگی هەر چوار وەرزی سالی
لە هەمان کاتدا لە بەرە!

لە کوێوە دێم؟!
_ ئامێزی دایک!
لەو جێگایەی زگ بۆ نان ناپاڕێتەوە
لەو جێگایەی لێت ناپرسن لە کوێوە دێی
لەو مەلبەندەی لێت دەپرسن:

«حالت چونه

بو کوی دەچی؟»

لەو جیگایەی هیچ مەلیک سل ناکاتەوە

لەو جیگایەی

کەس بو ژین ناپاریتەوە

لەو جیگایەی

ووشەیان بو غوربەت نیە و

«هەر سروودیکیان ماچیکە!»*

۹۴. ۱. ۵

---

* لە شیعری شاملو، شاعیری ئیرانی.

# ڕەنگی تێکەڵاو

ئەگەر سەر تا بە پای دنیا
تەنیا یەک ڕەنگ ...
سپی یا ڕەش
سوور
زەرد
کەسک،
یان...
هەر ڕەنگێکیتر بوایە...

ئەوسا ئیتر
نە چاوەترووکیی ئەستێرە
نە لوتکەی سپی چیاکان
نە شینایی دەریای بێ بن
هیچ کامێکیان
ڕەنگی دڵگریان نەدەنواند!

ئەوسا ئیتر
لەم خاکەدا
نە چاوی گەشت دەبینی
ئاوێتەی خۆشەویستی بێ
نە لێوی سوورت دەبینی
تامەزرۆ و چاوەڕوانی ماچ!
ئەوسا ئیتر
دار و بەرد و
ڕەنگی گەشی خۆشەویستی
لێک نەدەکران!

ئەگەر تەنیا
یەک تام و بون و یەک ئاهەنگ
لە سەرتاسەر ئەم جیهانەدا هەبوایە...
ئەوسا ئیتر
نە چێژ دەبوو
هەتا تاسەیەک بشکێنێ
نە ئاهەنگی
کە هەڵپەرکێ بخولقێنێ.

ئیتر نە بەهارێک دەبوو
نە مێرگێکی عەترپڕژێن.
ئەوسا ئیتر
نە تۆ دەبووی
نە ئاسەواری شاعیرێک.

❖

# جوان و ناحەز

کوردستان
نە شاخ و کێوە
نە دار و دەوەن
نە چەم!
نە جوانە
نە ناحەز
نە خەمە، نە شایی
نە شیرینە، نە تاڵ
نە هەژارە و نە دەوڵەمەندە!

کوردستان

هەم ئاوە، هەم چیا

جوانە و ناحەز

تاڵە و شیرین

نەدارە و دارا

هەم بەهەشتە

هەم جەهەندەمە!

کوردستان

خەمە!

هەڵپەرکێیە

ئاوە، ئاگرە!

خاکە، هەوایە

کۆمەڵگەیە!

کوردستان

بەشیکی بچکولە

لە بەهەشت و جەهەندەمی

ئەم جیهانە بەرین و گەورەیە!

ئوکتوبری ١٩٩٣

❖

# کوترەکانی لە خوا یاخی

بۆ ئەو ژنانەی لە چوار گۆشەی دنیادا لە ژێر
ئالای ڕەشی نامووس گوڵی ژینیان پەرپەر دەبێ.

**هەور لە نێو چاوانیان دا**
**دەریا لە دڵ**
**ژین هەڵواسراو بە دەمەوەن**
**کۆترە سپی‌یە شاریەکانم.**

**نە کات، کاتە**
**نە شوێن، ڕوونە**

ئاسمان بەردی تێچنراوە و
پەپوولە شینەکانی من
هەڵدەوەرن
بە سەر باخە ساردەکانی
ئاسن،
چیمەنتوی کونبڕ دا.

گۆرانیەکانم سەر دەبڕن
لە ئاست زەردەی بەیانی دا.
دەیانەوێ
باڵندەی بیر
مل کەچ کا بۆ ئاسمانی
نەزۆکی ڕەش
لە بەر چاوی گشت عالەم دا!

دەیانەوێ
چی هەڵاڵەی سوورم هەیە
بخنکێنم لە ژێر هەناسەی عەبادا و

سەری ئاسكی
نادەستەموی
ووشەكانم
بخەمە سەر بەردی رەشی
قوچی قوربانی ئیبراهیم!

هو پەپوولە شینەكانی بال چنراوم
وا لیرەوە
دوو فرمیسك و
هەزاران قەلبی ئاویتەی خوشەویستی
بە ریگەوەن بو پیشوازی
كاروانی وەریكەوتووتان
بەرەو باخی هەتاو گرتوو.

٢٨_٢_٩٥

❖

# له باوەش ئەستیرەیەک دا!

هاتمە دنیا
بی ئەوەی رای من بپرسن!

بەلکو من حەزم کردبایە
لە داوینی سی کوچکەکانی مصر،
یان...
لە لیواری چومی دلئاوالەی نیل دا
بیمە دنیا و
تین و تاوی دلی عەرزم هەلمژیبا!

بەلکو حەزم بکردایە
لە سەر کێوێکی سەهۆڵی
قوتبی جنووب
بێمە دنیا و
لە سپیایی شادی بەفرا
هەڵلەرزیبام!
یان تۆ بڵێی...
لە باوەشی ئەستێرەیەکدا
گەلێک دوور...
بەری لە کات،
بەری لە شوێن!

***

کەس نەی پرسی
رای تۆ چییە
لە ئاقار ئەم رەنگانەدا!

بەلکو من حەزم کردبایە
لە لیوی سوور
یان کاکولی وەنەوشەیی
چاوی رەشی وەکو قەتران
پیستی قاوەیی
خورمایی،
نینوکی زەرد
بروی سپی!

***

کەس نەی پرسی
رای تو چیە
دەرحەق بەم دیوارانەی وا
زور بەر لە من
هەلچنرابوون و ئائیستا
باری قورسی هەناوبریان

## هەلواسراوە بە گیانم دا!

***

خەیالی خاو!
لامحالە
مـن و مل کەچی بو رەنگ و
سنوور و دیوارەکانتان...؟!

مـن دەریایەکم بی لیوار؛
مـن بەهارم
رازینەرەوەی روخساری
دنیا بە گشت رەنگەکانی؛
بالندەیەکم کوچەری؛
ئاسمانیکم بە باوەشی ئاوالەوە
کە جەژن ئەگری
بو هەر ئەستیرەیەک کە وا لە دایک بی و

خەم دایدەگری
کاتی پەپوولەیەک دەمری!

❊❊❊

ئاخ کە دنیا
چەندە بەرتەسک ئەکەنەوە
ئەم سنوور و وولاتانە!
چ ناحەز و ناشیرینن
تیتولە شرولەکانی
ئالاناوی
وولاتانی ئەم جیهانە!

# دلم دەلی خەبەریکە...

نیگات مەلن
دەفرن... دەفرن
به ئاسمانی سەد هەزاران ئارەزو دا؛
دلم ساوای گرەزوویە
هەدا نادا
تا ئاسمان نەگریتە باوەش!

ئەی مەلی نازی کوچەری!
ووشەکانم رەق و تەقن
کون و لەقن...

شەرم دەکەن
ناوت بێ ناز بدرکێنن!

بە کام ناوە بانگت هێڵم
کە ڕوخسارت نەڕووشێنی؟
بە چ زمانێ بتدوێنم
کە گوڵاڵەی
تازە پشکووتووی لێوانت
نەژاکێنی؟!
کام شاعیرە بێنمە تکا
کە دڵت هەڵنەشێوێنی؟
کام گۆرانیبێژە بێنم
دەنگ و ڕەنگی نەت شەمزێنی؟!

❊❊❊

نیگات مەڵێن

بزەت شنەن
هەلالەی عەتراوی خاکی
بەری لە ترس و گولچن و
دەرد و هەژاری و هەرەشەن!

ئەی نازەنینی هاومالی
گولالەی ئارەزوکانم!
جگە لە دەریای دلیکی
سنوورهەلنەگری شیواو
هیچم نیە
بیخەمە بەر دەمی نازی
مەلەکانی نیگاکانت!

شاعیریکم
خەمی گشت ئەم دنیایە
ها بە کولمەوە؛
ریگام بدە

ببمە میوانداری بزەی
تازە سەر دەرهیناوی سەر لیوەکانت!

ئەی نیگا مەل،
بزە شنە!
دلم دەلی خەبەریکە....
دەیسا وەرە و
هیلانەهەواری نازی نیگاکانت
هەلدە لە سەر
بەربەروچکەی نیگاکانم!

❖

# بو تو

خەم دەریایەکی بی بنی
باوەش ئاوالەی بە سامە و
هاوار ئەکا بو قوربانی؛
نەکەی، تەنیا
مەلی ماندووی نیگاکانت
بدەیە بەر
شەپولە بالهارینەر و زەختەکانی!
بروانە بو تروسکەی ئەو چاوانەی وا

به سەر باڵی بزەیەکی ساکارەوە
جەرگی شەپۆلی ڕەش ئەدڕن...
بەرەنگاری ئاسوی ڕەشداگرتوو ئەبن و
دێن بەرەو پێلی تۆی ئازیز؛
ئەیانەوێ لە هێلانەی خنجیلانەی
دڵی گەرم و سەرکەشیاندا
میوانداری ئازیزێک بن!

ئازیزەکە
لەم تاریکستانە سەخت و بێ ڕەحمەدا
کە ڕۆژ سەد جار
خۆزگەی شیرین بە شەوی تاریک ئەخوازی...
ژیان
منالێکی ساوای بێ پەنایە،
هەودایەکی گەش

بەس باریک
لە ژێر زەبری شادیکوژی
خەمفرۆشانی خاکایە!
لەم دنیایەی
کە تەنیا خەم بە بەلاشە و
ئەسرین بە خەروار رژاوە،
هەرگیز
نەکەی تەنیا،
خەمبار
مل بنییە هیچ هەورازی!
گوێ رادێرە
ترپەی ئەو دڵە ببیسە:
ـ رۆژ زیندووە و شەو بە خەبەر...
دوا هەناسەی هەموو خەمێکت
ئەژمێری و
بە ئاهەنگی بزەکانت هەڵدەپەڕی!

ئازیزە

سا

لەم تاریکەسەلاتە بی دەربەستەدا

ئاسکی سرکی نیگاکانت

مەخە بەر تیری ژاراوی

راوکەرانی هیوا و شادی!

دەی سا وەرە

با دەستی بزە بگرین و

لە مەیدانی ئالی لیوا

بیخەینە هەلپەرکی و سەما!

٩٧_٣_٢٧

# نان بە نرخی رۆژ نەخواردن

ئەو رۆژەی کە
"گالیلە"یان هەلپیچا بەرەو کلیسا
کە سویند بخوا
هەتاو و چی ئەستیرەیە
ئەخولینەوە
بە دەوری کورەی زەوی‌دا...
هەر ئەو رۆژە
هەتاو چاوی هەلنەهینا و

زەوی بالاپوشی رەشی هەوری
لە خویەوە پیچا!
"گالیلە" توبەی پیکرا.
"گالیلە" نە قارەمان بوو
نە مرۆڤیکی وا بە جەرگ؛
بەلکو هەر تەنیا ئینسان بوو!

ئەو روژەی کە
"جوردانو برونو"یان خستە
سەر مەنجەنیقی کلیسا
ئەستیرەکان وا لە زەوی دوور بوونەوە
رەنگ لە روخساری روژ پەری و
هاواری بیدادی ئینسان
لە ناو کلپەی
ئاگری نوینەرانی خوادا
جەرگی ئاسمانی بری!

"جوردانو" توبەی نەکرد و بوو بە خەڵووز.
"جوردانو" قارەمان نەبوو
ئینسانێکی ئاسایی بوو
کە کڵاوی نەنایە سەرخۆ!

ئازیزەکەم
چ قارەمان و چ بێ جەرگ
هەر دوو
ژیان ئەدورینن!
مێژوو تەنیا
سەری ڕێزی بۆ ئەوانە دادەنوێنێ
کە سەرشۆڕی
لایان مەرگە و
لە تواناییانا شک نابەن
بە ماست بڵێن ڕەنگی ڕەشە؛
یان تەنانەت

بو چرکەیەک لە سەعاتا
بە دەستی خو
سیبەری بی فەر و شوومی
شەو بکیشنە
سەر هەناوی مال و حالا!

٢٩_٣_٩٧

# باوەر

له جیاتی ئالای ئەمریکا
دەکری چلیک گول بخەیته
سەر سینگی مانگ
یان له جەرگی قوتبی جنووب
له ئامیزی کیوەکانی سەهولی دا
گیانی رووتت بدەیته بەر تیشکی هەتاو!

دین و له گشت لایەکەوە
دەگورینن!

ـ جامی تەلەفیزیونم لی داگیرئەکەن
ـ رادیوی ژووری خەوتن ئەگرن
ـ رۆژنامەکانی بەیانی
ئیوارە
نەهار و شامیش
لە خویانەوە دەپیچن...

دین...
تەنانەت پوستەری ئەکەنە ملی
سەگی دراوسیی بیچارەم:
"داهاتوو ئیتر مردووە"!

***

هەوای ناو شار گەلیک قورسە و
مالەکەم گەمارو دراوە.
دین و
لە گشت لایەکەوە

جار دەکیشن!
ـ "مژدەی" سەرنگوومکرانی
زلدەولەتی رەنگین دینن و
کووچەکانی گەرەکی شادی منالیم
خاپوور ئەکەن!
ـ چی ئەستیرە بە سینگی ئاسمانەوەیە
رادەمالن و
پیدەکەنن بە سووربوونی "منالانەم"
لە سەر مانەوەی ئەستیرەی
بە سەر دیواری ژووری خەو
هەلواسراوم!

***

ئای کە هەوای شار زور قورسە و
ئەوەی بو هەلمژین ببی
تەنیا لە لای دووکانی سەرکوچکی گەرەک
دەست ئەکەوی!

❊❊❊

ـ دەکری خەوی هەر مرۆڤێک

بشێوێنی.

ـ دەمی خەڵک دەکری بدرووی.

ـ «کار» دەست دەدا بۆ رفاندن

ـ دەکری لە شەقامەکانا

منال راو کەن.

ـ دەکری بچێتە بازار و

ئینسان بکری

یان مرۆڤ بکەیتە حەیوان...

داهاتوو بەڵام

هەر ئەژی و

ئارەزوکانی من نەمر!

❖

# گاڵتەی سنوور

بە قاچی نەرمتر لە با
دەستی خولقێنراوی کار و
چاوی لە هیوا دارژاو
هێڵەکانی خوار و خێچ و گاڵتە پێهێنەری سنوور
ژێر پێم دەخەم!

دەربەستی زماننەزانین نیم
چاوەکانم دەڕۆن
تا ناخی هەستی تۆ

دەستەکانم
تێ ئەگەن لە گەرمای گیانت و
دڵم دەدرەوشێتەوە سەوز
کاتێ بزە
دەپشکوێ لە سەر لێوانت!

بە دڵێ کە
گشت دنیای جێ دەبێتەوە
هێلی نەفامانەی هەموو سنوورەکان
دەگرمە شەق؛
لە دەرگای ماڵت دەدەم و
ئازیزترین نهێنی‌یەکانی دەروونمت
پێشکەش دەکەم.

لەو شوێنەی لێی لە دایک بووم
هەرگیز ئیمانم نەهێنا

به هیچ سنوور و دیواریک؛
ملم نەدا بە مەرگ و خەم؛
دەستەکانم لە نوتەی موسیقا بوون و
شادی ژیانیان لی دەدا:
_ شادمانی سنوورپەرین
_ ئەو ژیانەی بەردەوامە
تا ئەو کاتەی
دلیک سەمفونیای ژین لیدا و
دەستیک
عاشق بی بە خاک و
شەیدای گەردوون.

میوانیکم سنوورنەناس!
میواندارەکانی پیشووم
بی شەرمانە

دەرگایان بە رووم داداوە.
ئاخر، دلم
بۆ کەلاوە تەنگ و هیچ و پووچەکەیان
زۆر گەورە بوو و
مەلەکانی تازە لەدایک بوویانی
دژی تەنگەبەر بوونی جێ
راپەراندبوو!

میوانێکم سنوورنەناس!
ئاخۆ لای تۆ
جێگای دلی گەورە دەبێ؟!

❖

# بەیانی

منالێک لە دەروونمایە
لە سەر باڵی «ساتەلایت»ی خەیاڵا دادەنیشت و
لە خۆشی ژین
گەردوون دێنێتەوە بۆ ماڵ!

منالێک لە دەروونمایە
کاری کایەس
کایە
کاری!

له چرکەی سەعات بێزارە و
لە ژووری خوی
گولەبەروژەی چاندووە!

منالێک لە دەروونمایە
بە دوو چاوی هەمیشە ئاوالەیەوە
ریگە دەدا بە تیپەربوونی هەر لەحزە و
موری رەت ئەکیشی بە سەر
تەویلی ئەو کاتەی کە وا
بە مەیلی ئەو نەگوزەرابی!

منالێک لە دەروونمایە
بە چاوی کەیلی پرسیار و
دلی سەرکەش.
هەرچی شەوە بە خەبەرە و

بو پیشوازی زەردەی بەیان

دەچرینی

گورانی ناسک و بچکولەی

شادی ژیان!

❖

# بیگانەی خو وولاتی

ئیمە

هەرگیز

لە هیچ شوێنیکی جیهاندا

یەک نەبوویین!

ئیمە هەرگیز

تەنانەت لە کەلاوەکەی

لەمەو پیشیش

ئاسمانەکەمان
یەک نەبوو؛
ئاهەنگی گورانیەکانمان
لیک نەدەچوو و
گولەکانمان
هەرگیز عەتریکی یەکسانیان
نەدەپرژاند!

"ئیمە"ی من
رەنجەرویی بوو
دەرد بوو
هەول و تەقەللای گورین بوو و
غەریب نەبوو
لە هیچ سووچیکی جیهانا!

"ئیمە"ی من

گول بوو

له چەقلستانی بەرینی

زورداری "ئیوه"دا؛

بون و بەرامەی یەکسانی بوو

بەرامبەر وەحشیگەری حاکم؛

مژدەی بزەی هاوبەش،

پیکەنین بوو

له جەرگی جەهەننەمی

له بن نەهاتووی

پرسەدا!

*

"ئەو نیشتمانە

هەرگیز

نەبوو بە نیشتمانی من" *

"ئیمه"ی ئیوه
بو "ئیمه"ی من
سەرکووت
جەهلی کویر
هەژاری
سووکایەتی
حیجاب، کفن
سیدارە بوو و
بەردەبارانی بیئەمانی
کوترە شینکەکانی
ئازادی!

"ئیمه"ی من
بە شوین کامەرانی مرۆڤەوە بوو؛
لە کارگەکان دا
نانی ژیانی دەکرد و

لە زیندانەکانا
لە گەڵ خواکانی ورد و درشتی ئێوە
مەجبوور بە کایە بوو لە گەڵ گیان!

بەڕێزان!
من و "ئێمە"ی ئێوەمانان
هەرگیز هاودڵی‌مان نەبووە!
"ئێمە"ی ئێوەش
"ئێمە"ی منی بە بێگانە ناو دەهێنا
تەنانەت
لەو کۆڵانەدا
کە تێیدا لە دایک ببووین...
هەروەکوو چۆن
ئەمڕۆش لێرە
سەرتاشراوی کەڵڵەپووکی ڕۆژئاوایی
بە بێگانە ناوم دێنن

تەنیا بە هۆی
رەنگی پێست و
ئاهەنگی شەرقی کەلام و
لە دایک بوونی بە هەلکەوت
لەو جەهەندەمەیدا کە من
توسقالی مافیشم نەبوو!

---

* لە شیعریکی «لنگستن هیوز»

❖

# یارانی من

یارانی من
ئوقیانووسی بی کەنارن
ئاوینەی خورازاندنەوەی ئەستیرەکان
خولقینەری هەورەکانی بەخشندەن؛
دلیان پەناگای
ماسی درشت و ورد
دەریاوانانی گەورە و بچووک!

یارانی من ئوقیانووسن
هەر بیست و چوار سەعات
یەکجار
هەڵدەکوتن بە سەر کەنار دا و
تف لە چاوی سنوورەکانی خاک ئەکەن!

یارانی من
ئوقیانووسی بێکەنارن
ئینسانی ساکاری گەورە؛
منال، زانان
پیرن، جوانن
دەرگیرن لە تیک هەڵچوونی
ڕوو بەرەو پیشی ژیان!

یارانی من
دابەشکەری شادمانین
بە پێی پێداویستی هەر کەس!
یارانی من
توانان گشتیان
هەر کامێکیان
لە قەدەر خو!

ئوقیانووسن یارانی من
شەریفن،
شاعیر،
ڕوژی نوێن،
یارانی من!

❖

# ناخۆشەویست و خۆشەویست

کاتێ سێبەری تەنیایی
دەم پێچێتە تویی هەناسەی،
ژەهراوی‌یە نیگاکانی!
تیم دەڕوانی
بە سەدان چاوی پشکێنەر؛
شۆر دەبێتەوە سەر ڕووحم
ددان لە گیانم تیژ دەکا و
لە ناو دەمارەکانمدا
ژەهری بێ‌وازی دەڕژێنی!

که تەنیاییم لێ دەبێتە
پزووی بەربوو و
لێکدا لێکدا پێوە دەچێ،
تینووی نیگایەکی زیندووی
ئینسانێکم!
برسی سروەی شفا بەخشی
هەناسەی گەرمی گیانێکم!

*

ئای لە دەست دەریای شێواوی
هەستی دەروون!
کە تەنیایە
لێوەکانی لێ دەبنە بار؛
دڵی من هەڵدەگووشێت و
پەل دەکوتێ بۆ تاڵە تیشکێ
لە چرای دیداری یاران!

کاتێکیش ژین دەگۆڕێنێ و
تارمایی تەنیاییم لە بەر
تەوژمی حضوری یاران
لێ دەرەوێ...
تەمی خەمێکی پەرێشان
وردە وردە
خۆم لێ لێک دەکێشێتەوە؛
قەڵای ئاسایشی هەستم
داگیر دەکا و
بۆ سانتیمەترێک لە چۆڵگەی
بێ هەست و خوستی تەنیایی
یەخەم دەگرێ!

❖

## بەرهەمەکانی تری نووسەر

١ـ شورشی سوور (کومەلە شیعر)
٢ـ نا نەت ناسیوم داگیرکەر! (کومەلە شیعر)
٣ـ یک دقیقه سکوت. (کومەلەشیعر بە زمانی فارسی)
٤ـ مام حەمە بووەتە کومونیست. (شانو ـ شیعر)
٥ـ منالی ناو خوین و ئاگر. (کومەلە شیعر)
٦ـ توفان. (کومەلە شیعر)
٧ـ جهان نمای مضحک. (کومەلەشیعر بە زمانی فارسی)
٨ـ ئاهەنگی ئازادی و ئەڤین. (کومەلە شیعر)
٩ـ ئاو و هەتاو. (کومەلە شیعر بو منالان)
١٠ـ پووره من من! (چیروک بو منالان)
١١ـ "گیتوی فرەکولتوری، ئاپارتایدی دیموکراسی"، (بە زمانی سویدی) ئەم کتیبە لیکولینەوەیەکی رەخنەگرانە لە کومەلگای بە ناو "فرە کولتوری" و تیوری "نسبی بوونی کولتور"ە.
١٢ـ " ئەم دەرگایە دادەنەوە". (کومەلە شیعر بە زمانی سویدی)
١٣ـ "برای فردایی روشن". (کومەلە شیعر بە زمانی فارسی). هەلبژاردن و تەرجەمەی کاکە.
١٤ـ "لە رەگەوە". (کومەلە شیعر). هەلبژاردن و تەرجەمەی کاکە.

**بو وەدەستهینانی ئەم کتیبانە بەم ئادرەسەوە پەیوەندیمان پیوە بگرن:**

Hanaförlaget / Box 6040 / 424 06 Angered / Sweden

# *THE REBELLIOUS  DOVES*

Poems by
Soleyman Ghasemiani

Hanaförlaget / Box 6040 / 424 06 Angered / Sweden /

ISBN 91-973239-3-4